تا: ساند سولێمان



# كوڕێك خوشكەكەی خۆی دەخنكێنێت

## كچەكەم سێ جار ڕۆیشتوە بەبێ ئەوەی كەس بزانێت

(ئ، ج،ع) تەمەن ١٨ ساڵە دانیشتووی گەرەكی هیران ستی لە هەولێرە لە ٢٠١١/٤/٢١ لەلایەن برایەكـــەوە (ك،ج،ع) دەخنكێندرێت، باوكی (ئ) تەمەن ٦٥ ساڵە پیشەی كاسب لە ٢٠١١/٤/١٢ لە بنكەی پۆلیس ســـكاڵا تۆماردەكات و دەڵێـــت» لەگەڵ كچەكەم و زاواكەم (س) كاتژمێـــر ١٢:١٥ خوولـــەك لە دادگای بەرایـــی عەنـــكاوە بووین بۆ جیابوونەوەی كچەكەم لەگەڵ مێردەكەی دوای ئەوە گەڕاینـــەوە هەولێر لەبەردەم نەخۆشخانەی فریاكەوتنی كۆماری لە ناو ئۆتۆمبیلی زاواكەم دابزین دواتر تەكسیەكیان بۆمان ڕاگرت كە خۆم و كچەكەم بباتەوە ماڵەوە كاتێ گەیشتینە سەرشەقامی ٤٠مەتری لە نزیك كۆمەڵگای فارما كچەكەم وتی من دەڕشێمەوە پاشان شوفێری تەكسیەكە ئۆتمبێلەكەی ڕاگرت و(ئ) كچم دابەزی و راســـتەوخۆ ڕایكرد بەرەو كۆڵانێك لەو كاتەدا ئۆتۆمبیلێكی تەكســـی لە جۆری بیكاشـــۆ كچەكەمی هەڵگرت و منیش خۆم خســـتە پێش ئۆتۆمبیلەكـــە بەڵام خەریك بوو بەســـەرم بكەوێت، كچەكـــەی منی ڕفاند و ڕۆیشـــت ئێمە لە دادگای عەنكاوە بووین بە مەبەســـتی جیابوونەوە لەگەڵ مێردەكەی ئەمە دووەم جارە كچەكەم شوودەكات و تەڵاق دەدرێت و سێەمجاریشـــە بەو شـــێوەیە ڕادەكات و دواتر پاش ماوەیەك دەگەڕێتەوە ئێســـتاش سكاڵام لە دژی كچەكەم و شوفێری تاكسیەكە بەناوی (ە) هەیە.

## وتیان كچەكەت حەبی خواردوە و خۆی كوشتوە

ئەوە ســـكاڵای باوكی ئەو كچـــە بوو كە لە ٢٠١١/٤/٢١ تۆمـــاری كـــردووە دوای ئەوە لە ڕۆژی ٢٠١١/٤/٢٥ باوكی ئەو كچە دەچێتەوە بنكەی پۆلیس لە ســـكاڵاكەی خۆی پەشیمان دەبێتەوە و دەڵێت» كچەكەم لەگەڵ تەكســـیەك گەڕاوەتەوە مـــاڵ بە نـــاوی (س،م) كە برای زاوەیەكەمە لە شـــەقامی كۆیە نزیك كەسنەزان هەڵیگرتووە كەبرای زاواكەمە ڕۆژی پێنج شـــەم ٢٠١١/٤/٢١ هێنیابویەوە ماڵەوە، چوو بووە لای پیرژنێك لە كەســـنەزان شەوەكەی لەوێ ببوو لە ڕێكەوتـــی ٢٠١١/٤/٢٣ ڕۆژی شـــەمە من لە بازار بووم تەلفۆنیان بۆ كردم وتیان وەرە كچەكەت مردوە كە چوومەوە ئاویان گەرم كردبوو شووشتیان وبردمان بۆ شـــاردنەوە و نەمناردە نەخۆشخانە، لە گۆڕستانی « شـــیخ ئەحمەد شاردمانەوە» باوكی ئەو كچە لـــەلای پۆلیس دەڵێت» وتیان كچەكەت چەند حەبێكـــی جۆراوجۆری خواردو بوو ســـی پارچەی خوارد بوو، بەڵام ئێمە بەزۆر دەردخوارمان نەداوە لێمان نەداوە نەمانكوشـــتووە، دوای مردنـــی كچەكـــەم هەروەها لە ســـكاڵاكەم خۆش دەبم لە دژی شۆفیر تەكسیەكە».

## كچەكەم صە لیبی لە مل دەكرد و نوێژی نەدەكرد

لە كاتی مردنی ئـــەو كچە دایكی بەناوی (ف،ح) لە ماڵەوە دەبێت دەگاتە ســـەر ڕووداوەكە و دەڵێـــت: دوای گەڕانـــەوی كچەكەم لەگەڵ باوكـــی كە بە فێڵ هەڵات بـــوو پاش ١٠ ڕۆژ زاوایەكەم بەنـــاوی (س) هێنایانەوە ماڵ وتیان لە نزیك كەسنەزان بوو لە ناو تەكسی بوو، بەڵام نازانم لەكوێ بوو ڕۆژی پێنج شـــەمە هێنایانەوە ڕۆژی هەینـــی باوكی لێی خۆش بوو وتی چیتر ئەو شـــتانە دووبارە نەكەیەوە، كە هاتەوە ملوانكەیەكی خاچی (صلیب) لە مل بوو نوێژی نەدەكرد زۆر گۆڕا بوو، بۆ بەیانی من خەریكی ئامادەكردنی نانی بەیانی بووم مێردەكـــەم وتی دەچمە بازار هەندێك كەلووپەل دەكرم.

## كوڕەكەم بە پشبێنی باوكی خنكاندی

دوای ئـــەوەی باوكی چووە بـــازار گوێم لە دەنگی (ك) كوڕم بوو هـــاواری كرد وتی وەرە خنكانـــدم كە چووم بینیم بە پشـــدێنی لە ملی (ئ) ئاڵا بوو كوڕەكـــەم خنكاندبووی ڕایكردووە دەرەوە، بەڵام كـــە ئەو بەتەمای ئەو كارە بوو بە



# كچێكى تەمەن ١٨ ساڵانە لەلایەن براكەیەوە بە پشتێن دەخنكێندرێت و دایك و برازنەكانیشى ئەم تاوانەى بۆ حەشار دەدەن. كفنى دەكەن و لە گۆرستانى شێخ ئەحمەد دەینێژن.

من و باوکی نەگوت.

**ئێمە بە باوکیمان وت حەبی خواردووە**

دایکـــی ئەو کچە دەڵێت»بۆ ئەوەی مێردەکەم نەزانێ کوڕەکەم ئەو کارەی کردووە خەم نەخوات مـــن لەگەڵ هەر دوو براژنەکەم بە ناوی (یئ) و (ق) هەســـتاین شوشتمانەوە کە باوکی گەڕایەوە گوتمان حەبی خواردەوە خۆی کوشـــتوە، ئێستا ســـکاڵام لەکەس نییە، لەبەر ئـــەوەی کچەکەم چەندین جار دەچـــووە دەرەوە بەبێ ئەوەی کەس بزانێ لەکوێیە لە سەر ئەو حاڵە باوکی لێیخۆش دەبـــوو بـــەڵام کوڕەکـــەم گەنج بـــوو بەرگەی قســـەو قســـەڵۆکی خەڵکی نەگرت و هەســـتا بەئەنجامدانی ئەو کارە کە هەرگیز باوەڕم نەکرد ئەو کارەبکات».

**کچەکەم کاری بەد ڕەوشتی دەکرد**

دوای ئـــەوەی ئەو کچە لەلایـــەن برایەکەوە ژیانی کۆتایـــی پێدێت و باوکـــی ئاگادارنییە کاتێك راســـتیەکانی بۆ روون دەبێتـــەوە لە دان پیانانەکەی لەلایان پۆلیســـەوە دەڵێت» کچەکەم کاری بەد ڕەوەشـــتی دەکـــرد و چەندین جار لە ماڵەوە ڕایکردوە دەگەڕایـــەوە ئێمە لێی خۆش دەبووین من لە ژیانم زۆر شـــەرمەزاری خەڵك بووم بەهۆی ئەو کارانەی ئەو کچە دەیکرد سی جار ماڵم لـــە گەڕەکێکەوە بردوە بۆ گەڕەکێکی تر چونکە وەڵامێکم پـــی نەبوو بۆ ئەو خەڵکە لەسەر کارەکانی کچەکەم، ناومان زۆر بەخراپی رۆیشـــتبوو ٢٠١١/٤/٢٠ پێنج شەمە کچەکەم گەڕایـــەوە ماڵەوە دوای ئـــەوەی ١٠ رۆژ بزر بوو ئێمەش لەترســـی ئـــەوەی هەڵنەیەت بە پشدێن دەمانبســـتەوە بۆ ئەوەی ڕانەکات کچەکەم نەخۆشی پەرکەم(صرعی ) هەبوو لـــە رۆژی ٢٠١١/٤/٢٢ چوومـــە بازار کاتژمێر ١٠:٢٠ بەیانی لە ماڵەوە لەلایەن کوڕی خەزورم بە ناوی (م،خ) تەلفۆنی بۆ کردم و وتی وەرەوە ئیشـــمان پێتە کە چوومەوە بینیم قەرباڵغییە گۆتیان کچەکەت مردوە خۆی ســـی پارچە حەبی خواردوە خۆی کوشتوە ئیتر ئێمەش کفنمان کردو شاردمانەوە لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەبی ئەوە ئاگاداری نەخۆشخانەو بنکـــەی پۆلیـــس بکەینەوە هەر ئـــەوە بوو کە منیان ئاگادار کردەوە ئیتر من ئاگاداری هیچ نەبووم»


**پۆلیس گومانی لە مردنی ئەو کچە هەبوو**

عەقیدی مافپەروەر لە نووسینگەی نەهێشتنی تاوان جەمیل محەمەد ئەمین ســـورچی دەڵێت: دوای ئەوەی لە بەرواری ٢٠١١/٤/٢١ سکاڵای لـــە دژی کچەکەی و شـــوفێرێکی تەکســـی تۆمارکردبـــوو کە گوایە فڕاندویەتی بەڵام پاش ماوەیەك گەڕابووە ماڵ بەستیبوویانەوە هەواڵی بنکەی پۆلیســـیان نەدابوو بنکەی پۆلیســـیش داوای بینینی کچەکە دەکات دەڵێن مردوە بەبی ئەوەی ئاگاداری پۆلیس و نەخۆشخانە بکەنەوە شـــاردویانەوە دوای زانینی ئـــەو هەواڵە ئێمە گومانمان بۆ دروســـت بوو. کە ئەو ئافرەتە بە مردنی خۆی مردبێت پاش لێکۆڵینەوە دادوەری لێکۆڵینەوە بریاری دا کە گۆڕەکەی هەڵدرێتەوە بۆ ئەوەی جۆری مردنەکەی بزانرێت دوای ١٨ رۆژ هەســـتاین بە هەڵدانـــەوەی گۆڕەکەی بە شێوەیەکی یاسایی لاشەکەی ڕەوانەی پزیشکی دادوەری کرا . تا ئێستاش لێکۆڵینەوە بەردەوامە هەوڵدەدرێت بۆ دەستگیر کردنی براکەی تا ئێستا شوێنی نادیارە».

**هەڵەی پەروەردەکردن و زوو بەشوودانە**

بەهزاد محمد توێژەری کۆمەڵایەتی هۆکاری ئـــەو ئـــەو ڕووداوە بۆ نەبوونـــی پەروەردەیەکی تەندروستی خێزان و ناو کۆمەڵگا دەگەڕێنتەوە چونکـــە ئەو کچە لـــە تەمەنێکی زۆر بچووك دووجار تووشی ژیانی هاوسەرگیری و تەڵاقدان کراوە، لەلایەکی ترەوە پێویســـت بوو ماڵی ئەو کچە کە هەســـتیان کرد کە کچەکەیان هەندێك رەفتاری ســـەیر دەکات ئەوە دەبوایە بیبەنە لای کەســـانێکی پســـپۆر و شـــارەزا لە دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی بتوانێ لە کێشـــەکانی تێبگات و هۆشیاری بکاتەوە.

# باوک و کوڕێک بە یەکەوە



دهۆك/ رۆژی سێشەممەی ڕێکەوتی ٢٠١١/٦/٢١ کاتژمێر ٩:٣٠ بەیانی لەناو بازاڕی دهۆك کەسێك تەقە لە کوڕێك و باوکێك کات و دەسبەجێ هەردووکیان گیان لە دەست دەدەن و بکەرەکەش دوای چەند کاتژمێرێك دەستگیر دەکرێت.

سەرچاوەیەکی نزیك لە ڕووداوەکە بە گوڵانی ڕاگەیاند کە ئەم ڕووداوە لە ئەنجامی دەمەقاڵییەکی نێوان دوو کەس بووە، بەر لە چەند مانگێك شەڕە قسەیەك لەنێوانیاندا ڕوویدابوو و لە ئەنجامدا یەکێکیان هەڕەشەی کوشتنی لە ئەویتر کرد، بۆیە ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو دەچێتە بەردەم نووسینگەی نەورۆز بۆ کڕین و فرۆشتنی زەوی و خاوەنی نووسینگەکە و کوڕەکەی دەداتە بەر گوللە و هەردووکیان دەکوژێت و کوڕێکی

# منداڵێک فڕێدەدرێتە سەر شەق



دوای ئەوەی منداڵێکی ساوا سەری پان دەکرێتەوە و دەکوژرێت و تەرمەکەشی فڕێ دەدرێتەوە سەر شەقامێکی سەرەکی.

ڕۆژی ٢٠١١/٦/١٤ کات ژمێر ٩ی شەو منداڵێکی مەلوتکە (ساوا) لە سەر شەقامی سەرەکی نێوان کۆمەڵگای کاوە و کۆمەڵگای مزوری بە مردوویی دەدۆزرێتەوە، لەم بارەیەوە نەقیب کاروان بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر رایگەیاند منداڵێك فڕێدراوە بوو لەسەر شەقامەکە و تەمەنی نزیکەی چوار تا پێنج مانگ دەبێت وهیچی لەبەر دانە بووە، هەروەها سەری پان کرا بۆوە.

نەقیب کاروان ئەوەشی ڕاگەیاندکەوا دەست بەجێ دەستکراوە بە لێکۆڵینەوە لەلایەن پۆلیسی قەزای دەشتی هەولێرەوە بەڕێوەبەرایەتی بەڵگەو تاوانی هەولێر ئاگادار کراوەتەوە پەڕاوێك ڕێکخراوە بۆیە منداڵەکە بە بزری (مجهولی) رەوانەی پزیشکی دادی کراوە، دادوەریش بڕیاریدا بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و ئاشکراکردنی هێڵکاریەکان و ئامادەکردنی دایك و باوکیان بۆ لێکۆڵینەوە بەپێی مادەی ٢٤٠.

# هاووڵاتیەک خۆی دەخنکێنێت



**هاووڵاتییەکی دانیشتووی ناحیەی دارەشەکران لەبەر هۆکارێکی نادیار کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا دوای ئەوەی خۆ بە پەتێك هەڵواسی لە نێو ماڵی خۆیدا.**

**سەبارەت بەم ڕووداوە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی عەنکاوە ڕایگەیاند :ڕۆژی پێنجشەممەی ڕێکەوتی ٢٠١١/٦/١٦ بنکەی پۆلیسی دارەشەکران ئاگادار کراوەتەوە بە خۆ کووشتنی هاووڵاتییەك و دوای ئەوەی کە پۆلیس گەیشتە شوێنی ڕووداوەکە لە گوندی هەبابان دەرکەوت کە هاووڵاتی (س،ص،خ) لە دایکبووی ساڵی ١٩٦٩ لە ماڵی خۆیدا خنکاندوە.**

**(س،ص،خ) کە پیشەی کاسبەکە کە لە ماڵەوە لە ژووری چێشتخانەی ماڵەکەی خۆی بە پەتێك لە شوینی پانکە خۆی هەڵواسیبوو و دەستبەجێ گیانی لە دەستداوە، دواتریش تەرمەکەی رەوانەی پزیشکی دادوەری کراوە بۆ زانینی هۆکاری خۆکوشتنەکە.**

# گەنجێک لە پێناو خۆشەویستی کۆتایی ب



لە گوندی دۆڵەی سەر بە ناحیەی قوشتەپە تەرمی گەنجێك دەدۆزرێتەوە لە نێو مزگەوتی کۆنی گوندەکە.

لەم بارەیەوە بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر ڕایگەیاند: لە رۆژی ٢٠١١/٦/١٩ لە گوندی دۆڵە سەر بە ناحیەی قوشتەپە تەرمی گەنجێك لە شوێنێکی ناو مزگەوتی کۆنی گوندەکە دۆزراوەتەوە، دوای ئەوەی پۆلیس گەیشتە شوێنەکە دەرکەوت کە ئەو گەنجە بە ناوی (ێ.ق) دانیشتووی هەمان گوندە، قوتابییە و لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٤ بە پارچە گوریسێك

## دەكوژرێن

دیكەی خاوەن نووسینگەكەش كە لە شوێنەكە بوو رایكرد و لە دەستی بكوژەكە رزگاری دەبێت، هەروەها كەسێكی دیكەش كە لە نووسینگەكە دانیشتبوو بریندار بوو و ئێستا لە نەخۆشخانەی فریاكەوتنی دهۆكە بۆ چارەسەر كردن.

سەرچاوەكە ئەوەشی ئاشكرا كرد دوای رووداوەكە بكوژەكە رایكرد، بەڵام زۆری نەخایەند و چەند كاتژمێرێك دواتر دەستگیر كرا.

## ـامێکی سەرەکی



## ـە ژیانی خۆی دەهێنێت

خۆی بە شوێنی پانكەی هەڵواسیبوو، هەروەها بەهۆی پرسەكە نەتوانراوە وتەی داواكاری مافی كەسیەتی وەربگیرێت.

هەر سەبارەت بەم كێشەیە و بەگوێرەی هەندێك زانیاری كە لەلایەن ئەندامانی خێزانەكەیەوە دەستكەوتووە رەنگە هۆكاری خۆ كوشتنی ئەم گەنجە بۆ بوونی پێوەندی خۆشەویستییەوە بێت، بەڵام تا ئێستا ئەمە روون نەبووەتەوە كە چۆنە، بۆیە چاوەڕێی ئەنجامەكانی لێكۆڵینەوەكان دەكرێت بۆ ئاشكرا بوونی ئەو هۆكارەی خۆ كوشتنی ئەو گەنجە.



# لە دهۆک ئافرەتێک ١١ منداڵی خۆی دەکوژێت

دهۆك/ محەمەد عەبدولعەزیز: ئافرەتێكی دانیشتووی شاری دهۆك لە ئەنجامی تووشبوونی بە نەخۆشی شیزۆفینیا ١١ منداڵی خۆ دەكوژێت و ئێستا تەنیا یەك لە منداڵەكانی ماوە.

كەسێكی نزیك لە خێزانەكە بۆ گوڵان ئاشكرای كرد (ز.خ) ٧ منداڵی خۆی لەبار بردووە ئەو كاتەی دووگیان بوو هەمووشیان لە ماوەی سێ تا پێنج مانگی سكپڕییەكەی بووە، هەروەها دوای ئەوەی چوار منداڵی هەبوو، بەر لەوەی ئەم منداڵانە ساڵێكی تەمەنیان تەواو بكەن، (ز) هەڵدەستا بە شكاندنی دەست و پێیەكانیان تا گیانیان لە دەست دەدا، ئێستاش لە نەخۆشخانە كەوتووە لە شاری دهۆك لە ئەنجامی سەخت بوونی نەخۆشییەكەی.

تایبەتمەندێكی نەخۆشییە دەروونییەكان ئاشكرای كرد كە نەخۆشی شیزوفرینیا كارتێكردنی خراپی هەیە لەسەر تەندروستی مرۆڤ، چونكە نەخۆشییەكی عەقڵییە، كەسەوكاری (ز) زۆر شوێن و پزیشك گەڕان بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ ئەو بارە دەروونییەی تێیكەوتبوو، پزیشكەكان دەیانگوت نەخۆشییەكی هەستی هەیە، بەڵام دوای چارەسەر كردنی بۆیان دەركەوت كە نەخۆشییەكەی دەروونییە و هەستی نییە، بەپێی گوتەی كەسوكاری (ز) ئێستا منداڵێكی سێ مانگی هەیە كە تەندروستی زۆر باشە، بەڵام لێیان دوورخستۆتەوە دوای ئەوەی بۆیان دەركەوت كە نەخۆشییەكەی دەروونییە، چونكە بەپێی راپۆرتی پزیشكەكان ئەو كەسەی تووشی ئەم نەخۆشییە دەبێت ئەگەر خۆی نەكوژێت ئەوا هەوڵ دەدات كەسێكی دەورووبەری خۆی بكوژێت و لەبەر ئەوەی منداڵەكانی نزیكترین و بێ دەسەڵاترین كەسن بۆیە هەوڵ دەدات بیانكوژێت جا بەهەر شێوەیەك بێت.

# گۆڕەپانێکی غاز فرۆشتن سووتا

دهۆك/ لە ئەنجامی كەمتەرخەمی و پابەند نەبوون بە رێنماییەكانەوە رۆژی ٢٠١١/٦/١٩ ئاگر لە چەند بوتڵێكی غاز دادەگیرسێت لە گۆڕەپانێكی غاز فرۆشتن و زیانێكی زۆری ماددی بەر گۆڕەپانەكە دەكەوێت.

نیوار فەریق لە یەكەی راگەیاندنی بەرگری شارستانی دهۆك بە گوڵانی راگەیاند دوای ئەوەی خاوەنی گۆڕەپانەكە بە خەمساردی و بێ گوێدانە مەترسیەكان، هەستا بە پشكنینی بوتڵە غازەكان بە چەرخ، لەناكاو ئاگر لە یەكێك لە بوتڵەكان دادەگیرسێت و بۆ ماوەی ٢٠ خولەك ئاگر لە چەند بوتڵێكی تریش دادەگیرسێت و ژمارەیەكیان دەتەقنەوە و زیانێكی زۆریشیان بەردەكەوێت، دوای گەیشتنی تیمەكانی ئاگركوژێنەوە توانیان كۆنترۆڵی ئاگرەكە بكەن.



نیوار فەریق ئەوەشی ئاشكرا كرد كە هاووڵاتییەك لە ئەنجامی ئەم رووداوە بە سەختی بریندار بووە.

## سندووقی هاوکاری تـ

# لەنێوان ڕێگرییەکان کۆمەڵـ

**بوونی سندوقی هاوکاری دەیان ژن لە توندوتیژی ڕزگار دەکات**

ئەم سندووقە لەکاتی ئێستادا زۆر پێویستە چونکە زۆربەی ژنان لەبەر گرفتی ئابووری داوای جیابوونەوە ناکەن، ئەمە ڕای چالاکوانی ئافرەتان، سۆزان عارفی سەرۆکی ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەتانە، ناوبراو ئاماژە بەوەدەدا، کەبوونی سندوقێکی لەم شێوەیە لەکاتی ئێستادا زۆر پێویستە، لەبەر ئەوەی کە تا ئەمڕۆ زۆربەی ژنانی ئێمە بەدەست هەژاری و نەخوێندەوارییەوە دەناڵێن و ناتوانن وەك پێویست لەکاتی جیابوونەوەیاندا بژێوی خۆیان دابین بکەن، بەجۆرێك ئافرەتێك لەپێناو بژێوی خۆی و منداڵەکەیدا هەموو ئازارو توندوتیژیانە دەچێژێت کە مێردەکەی دژی بەکاری دەهێنێت، واتا هەژاری ژن وای کردووە هەموو ئازارو نەهامەتییەکان قبوڵ بکەن، سۆزان دەڵێت» بەکردنەوەی سندوقێکی لەم شێوەیە ئیتر هەموو ژنێك پشتیوانییەکی دەبێت کەبتوانێت داوای مافەکانی خۆی لەکاتی جیابوونەوەدا بکات و خۆی لە توندووتیژییەکان ڕزگار بکات»

**حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە کەمتەرخەمە**

گەشە دارا ئەندامی لیژنەی مافەکانی ژنان لەپەرلەمانی کوردستان دەڵێت» بەگوێرەی یاسای هەموار کراو هەموو ئافرەتێك دوای جیابوونەوەی لەمێردەکەی هەتا ئەو کاتەی شوو دەکاتەوە دەتوانێت بڕێك پارە لەم سندووقە وەربگرێت، بەڵام تا ئێستا ئەم پرۆژەیە نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بێگومان لایەنی جێبەجێکاریش کە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتییە بیانووی زۆرە بۆ جێبەجێنەکردنی ئەم پرۆژەیە، لەوانە کەمی بوودجەی وەزارەت و زۆری پرۆژەکان و نەگونجاندنی بوودجەکەیان لەگەڵ ئەو پرۆژە زۆرانەی کە وەزارەتەکەیان جێبەجێی دەکات، بێجگە لەوەی هەمیشە وەزارەت ئاماژە بەوەدەدات کە بەشێکی زۆری ژنانی تەڵاقدراو سوودمەند دەبن لەپرۆژەی سندووقی چاودێری خێزان، کەتایبەتە بەهەژار و کەمدەرامەتەکان، بەڵام ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە سندووقی هاوکاری ئافرەتانی تەڵاقدراو پرۆژەیەکی سەربەخۆیە، لەگەڵ سندوقی چاودێری خێزان دووپرۆژەی جیاوازن و ناکرێت تێکەڵاو بکرێن، هیوادارم لەنزیکترین کاتدا ئەم پرۆژەیە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە»

**هیچ کاتێك یاسا ڕێگر نییە بۆ**

> **لەزۆربەی کۆمەڵگەکانی جیهاندا لە زۆر کات و شوێنی جیاوازدا هاوکاری ئافرەتانی تەڵاقدراو کراوە ڕەنگە هەندێك کات بەتایبەتی لە سەردەمی لاهوتی، بەشێوەیکی دامەزراوەی ئاینی یان دامەزراوەیەکی خێرخوازی بوویێت. ئەم شێوازە هەتا ئێستاش لەزۆر وڵاتانی ئیسلامیدا بەدی دەکرێت و**

## ـــەڵاقدراوەکان :

# ــگا و پێداویستی سەردەم

**جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە**

دادوەر عبدولباست سەبارەت بەم پرسە دەڵێت « یاسا ڕێگەی داوە بەکردنەوەی سندوقێکی لەم جۆرە لەبەر ئەوەی یاسای باری کەسی هەموار کراو لەساڵی ٢٠٠٩دا لەیەکێك لەبەندەکانیدا ئاماژەی بەکردنەوەی سندوقێکی لەم جۆرە داوە کەهەموو ئافرەتێکی تەڵاقدراو بتوانێت هاوکاری وەربگرێت و ئەم سندوقە ڕێژەیەکی زۆر ئافرەتانی تەڵاقدراو لەکێشە کۆمەڵایەتییەکان و ئابوورییەکان رزگار دەکات»

دواتر پارێزەر سنەوبەر عومەر وتی» بەکردنەوەی سندوقێکی لەم جۆرە دەتوانرێت کەمێك قەرەبووی ئافرەتانی تەڵاقدراو بکرێتەوە و ئەم سندووقە دەبێتە پارێزەرێك بۆمافەکانی ئافرەتان و دەیانپارێزێت لەوەی کەپیاوان مافەکانیان بخۆن، چونکە زۆربەی جاراندا پیاو لەکاتی جیابوونەوەدا هەموو مافێك لە ژنەکانیان وەردەگرنەوە، لەبەر ئەوەی کەکۆمەڵگا هەمیشە پشتگیری لەپیاوەکان دەکات و گوشار دەخاتە سەر ژنەکان بۆ ئەوەی لەمافە سەرەتاییەکانیشیان خۆشبن، بەرای من سندوقی هاوکاری ئافرەت لەهەژاری و نەداری ڕزگار دەکات، بەمەرجێك سندوقەکە پارەکەی ئەوەندەبێت کەئەو ئافرەتە بتوانێت پرۆژەیەکی پێبکات وەك شوێنی نیشتەجێبوون، ئەوکات حکومەت دەتوانێت ئەو پارەیە بەقەرزی درێژخایەن وەربگرێتەوە».

**حکومەت دەتوانێت سوود لە بوارەکانی ژنان وەربگرێت**

هیوا باجەلان شارەزا لە بواری کۆمەڵایەتیدا وتی: لەکاتی جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی لەم شێوەیەدا دەتوانین گەورەترین قازانج بەلایەنی فراژووکردنی ئابووری بگەیەنێت، چونکە هەموو پرۆژە بچووکەکان دەبنە بەشێکی گرنگ لەپێشکەوتنی ئابووری و ئەو کۆمەڵگەیە. ئەگەر سەیر بکەین زۆر کۆمەڵگەی وەك وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بەهۆی پرۆژە بچووکەکانەوە توانیان پێشکەوتنی خێرا بەدەست بهێنن، بێجگە لەوەی ئەم پرۆژەیە دەبێتە هۆی بەدەرخستنی توانا شاراوەکانی ژنان و حکومەت دەتوانێت سوود لەتوانا و بەهرەکانیان وەربگرێت.»

**کۆمەڵگا هەموو کات دەیەوێت ئافرەت بچەوسێنێتەوە**

شەنگە عومەر توێژەرێکی کۆمەڵایەتی پێیوایە دابونەریتەکۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگەکەمان ڕێگر دەبن لەدانانی سندوقێکی لەم جۆرە بەهۆکاری زیاد بوونی تەڵاقی دەزانن، چونکە کۆمەڵگە هیچ کاتێك نایەوێت ئافرەتانی تەڵاقدراو ببنە خاوەنی داهاتی خۆیان هەمیشە کۆمەڵگە دەیەوێت بیان چەوسێنێتەوە.

**وەك دەوڵەتانی تر توانراوە لەچوارچێوەی یاسادا ئەم هاوکارییە ڕێك بخرێت، بەڵام لە کوردستانی ئێمە تا ئێستا سندوقێکی هاوکاری نییە بۆ ئافرەتانی تەڵاقدراو، سەرەڕای هەموارکردنی یاسایەك لەساڵی ٢٠٠٩دا بۆدانانی سندوقێك بۆهاوکاری کردنی ئافرەتانی تەڵاقدراو.**